# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Referendum for Kurdistan

## بزوتنەوەی "رفراندۆم" بێدەنگی یا لایەنگری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق

لەوەڵام بە کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ، لیژنەی باڵای بزوتنەوەی "رفراندۆم " لە کوردستان سەبارەت بەبێدەنگیان لەبەرامبەر هێرشی شۆڤینیستانەی یاوەردا ، ئەم لیژنەیە ڕایانگەیاند کە ئەوان بەدگومان کراون بەپاشکۆیەتی بۆ یەکێتی وپارتی و هەروەها دانیان نا بەوەی 2 ملیۆن ئیمزایان لە خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کۆنەکردۆتەوە .

ئێستا لە کاتێکدا خەریکە کوردستان لە ڕێگای بەناو هەڵبژاردنێکەوە جارێکی تر بەزۆر و بەبێ ڕاپرسی بەخەڵکەکەی دەخرێتەوە ژێرسایەی دەوڵەتی مەرکەزی عێراق ، دیسانەوە ئەم بزوتنەوەی بەناو"رفراندۆم"ە هەڵوێستی بێدەنگی لەبەرامبەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا گرتوە. بێگومان بێدەنگی لەم کاتەدا بۆ لایەنێك کە ئیدعای ئەوەی کردبێت رفراندۆم لە کوردستان بەڕێدەخات نیشانەی خستنەلاوەی خواستی رفراندۆم بەعەمەلی یە و لایەنگری کردن لەو پرۆسەیەیە کە بەناوی هەڵبژاردنەوە خەریکە چارەنوسی کوردستان دیاری دەکات.

هەلبژاردنەکان ئەمڕۆ لە عێراقدا بۆ شەرعیەتدانەوە بە دەوڵەتی مەرکەزی عێراق و گەڕانەوەی کوردستانە بۆ ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە کە 13 ساڵە بە عەمەلی سەربەخۆبوە لێی.بەم پێیە هەڵبژاردن سڕینەوەی مافی بەرپاکردنی رفراندۆمە بۆ خەڵکی کوردستان و سپاردنی چارەنوسی کوردستانە بەدەستی دەوڵەتی مەرکەزی. خەڵکی کوردستان بەدەر لەویست و خواستی خۆی و بە پێشیلکردنی مافی پرس پێکردنی بۆ گەڕانەوە سایەی دەوڵەتی عێراق ، لەسایەی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی یەکێتی وپارتیدا دەگەڕێندرێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی. هەڵبژاردن و دەوڵەتێکیش کە پێك دێت لای لیژنەی باڵای رفراندۆم لە کوردستانیش زۆر ئاشکرایە کە مەلاکانی نەجەف و شۆڤینیستەکانی چەشنی یاوەرن. بەڵام ئەم ڕاستیانەی شێرکۆ بێکەس و هاوەڵەکانی لە بزوتنەوەی بەناو "رفراندۆم" ساڵ و نیوێك لەمەوبەر باسیان دەکرد، ئێستا کە خەریکە ئەو هێزانە دەسەلات دەگرن و خەڵکی کوردستان دەخرێنە ژێر عەبای رەحمەتی دەسەڵات و دیموکراسیان بۆچی مەسەلە نیە و باسی رفراندۆم و 2 ملیۆن ئیمزا بۆکوێ چوو؟ ئایا بەڵگەی لەمە ئاشکراتر هەیە بۆ ئەوەی هەڵویستەکانی لیژنەی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم پاشکۆی بەرژەوەندی و دەسەلاتی یەکێتی و پارتین و ئەم بێدەنگیانەی بەرامبەر بەیاوەر و هەڵبژاردن جگە لە خزمەت بە سیاسەتی پاراستنی کورسیەکانی دەسەلاتی ئەم حزبانە لەسەر حسابی مافی چارەنوسی خەڵکی کوردستان شتێکی ترنی‌یە. لیژنەی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم  جگە لەم دەورە دەوریکی تر بۆ خۆی شك نابات و دەیانەوێت جەماوەری کوردستان وەکو کارتی فشاری یەکیتی وپارتی لەشەڕە کورسیەکانیدا بەکاربهێنن . بەتایبەت بەم هەڵوێستی بێدەنگی‌یە بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە 2 ملیۆن ئیمزا بۆ رفراندۆم ئێکسپایەر دەکەن و ئەو 2 ملیۆن دەنگە دەسوتێنن کە داوای رفراندۆمی پێش هەڵبژاردن کردوە. هەربۆیە بەم کارە جارێکی ترنیشانی دەدەن کە چیتر نوێنەرایەتی رفراندۆم و ئەم دەنگەی خەڵکی کوردستان ناکەن.

**PO BOX 1575 ILFORD IG1 3B2**
**TEL:07795330896**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com**
**www.kurdistanreferendum.net**

# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Referendum for Kurdistan

هەروەك لەو وەلامەی بزوتنەوەی رفراندۆمدا هاتبوو ، بەڕاستی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئاراستەیەکی ترە و بە ئاشکرا رفراندۆمی بۆ سەربەخۆبونی کوردستان دەوێت. ئەمڕۆ دەنگی هەزار کەسی کۆنگرەی لەندەنی ئەم کەمپینە بۆ رفراندۆم پێش هەڵبژاردن ، دەنگی واقعی ئەو 2 ملیۆن ئیمزایەی خەڵکی کوردستانە و ئەم کەمپینە نوێنەرایەتی خواستی رفراندۆم و سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان دەکات . هەربۆیە پێویستە سەرجەم هێزی جەماوەری خوازیاری رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەم دەورە حەساس و چارەنوس سازەدا لەدەوری کەمپینەکانی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کۆببنەوە تا بتوانین ئەو دەنگە جەماوەریەمان کە خوازیاری رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانە چیتر بەدەستی کەسانی ترەوە یاری پێ نەکرێت و لە بەرامبەر ئەم هەڵبژاردنانەدا بەرزیان بکەینەوە و ڕێگە نەدەین لەپێناو هەڵبژاردنەکاندا ئەم دەنگانەمان بسوتێنرێت و ئێکسپایەر بکرێت. ئێمە بانگەوازی هەموو هەڵسوراوانی بزوتنەوەی رفراندۆم و هەموو جەماوەری رفراندۆم و سەربەخۆیی خوازی کوردستان دەکەین کە داوای بکەن و دەنگ و شەرعیەت نەدەن بە هیچ هەڵبژاردنێك کە پێش لە رفراندۆم و ڕاپرسی بە خەڵکی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

ئەمڕۆ هەر کەسێك لە کوردستان خاوەنی دەنگێکە و دەبێت ئەم دەنگە لە پێناو رفراندۆمدا بەکاربهێنێت نەك لەدژی رفراندۆم کە هەڵبژاردنەکانی عێراقە. هەڵوێستی هەر کەس ولایەنێك کە ئیدعای رفراندۆم بکات بە داوای رفراندۆم پێش هەڵبژادن و بە شەرعی دانەنان و بەشداری نەکردنی لەو هەڵبژاردنانەدا دەردەکەوێت . لیژنەی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم بەم بێدەنگیە لایەنگیرانەیەی لە هەڵبژادنەکان چووەتەوە پشتی فیدرالیزمی یەکێتی وپارتی و بەرژەوەندی ئەوانی خستۆتە سەروو بەرژەوەندی و چارەنوسی خەڵکی کوردستان وماڧی رفراندۆم وسەربەخۆیی‌یەوە و هەربۆیە ناکرێت چیتر ئەم بزوتنەوە بەناوی "رفراندۆم"ە لەسەر رفراندۆم حساب بکرێت.

2004/12/10

**PO BOX 1575 ILFORD IG1 3B2**
**TEL:07795330896**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com**
**www.kurdistanreferendum.net**